KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
18-2-2007 20:01 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەک ... کامەران بەرزنجی

وەك ئاسنی سووری ژێر زەربەی بەتین
چۆن شێوەكۆڕی دەستی گەرمایە
ڕێحانە ڕەشەی نێو وەرزی هاوین
چۆن پەرێشانی گڕ و گەرمایە
وەك كوڵمی خڕو گەردنی زێڕین
كەپەرۆش ئەبن ئەو كاتەی ئەوین
دێتە مژینی لێوانی گوڵین
سنگ و مەمان و درزی مەمەیە
داوی پەنجانی پڕ لە هیوای ژین
ئەمنیش وەكو دێوانەی زەمین
هەمیشە شیعرم هەر واوەیلایە

******************

من پەشێوو دەردەداری كیژە كوردێكم
پێم دەڵێن گوڵ َناسكە نەكەی دەستی لێبدەی
بەڵام چۆن ڕازی بی لێوی شەیدام
تا بە ڕەنگی كوڵ سوور نەكا خاكەكەی
ئەو كەسەی تینوو بی بە دیمەنی ئاو و كانی
تێر نابی نەزان تا تەڕ نەكا گەروەكەی
منیش وازم نەهێناوە بە نووسینی باسەكەم
تا سەربەست نەبی زمانم گشت ووشەی هۆنراوەكەی
یار و شاخ و دارستانم لە ئامێز دەكرم
بە هیوای ڕزگاری گەل و گشت زەوی و سامانەكەی
26. 01. 1987 دووشەممە

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.